# ئه و كاته ی شیعر ده مرێت

عبدوڵا علی
2005-10-2

له بیرم دێت شیعره كانتم ده خوێنده وه و تێنه ده گه یشتم،له و كاته دا ده كه وتمه سۆراخی ووشه جوانه كانت،    به ده م خوێندنه وه وه ڕۆژه كانم تیژ تێپه ڕین،تا لام كرده وه سه یرم كرد ساڵه كانم بووه به ڕابووردوو فریای   هیچ نه كه وتم،ئێستاش ڕازه كانم له دوو توێی دڵما هه ڵگرتوه،نازانم ئاخۆكه ی وه ك تۆ ده یبه مه ژێر گڵ مه سیفی!ئێمه ش نه وه یه كی گوناح بووین وه ك ئێوه،ئێمه ش شه ق خۆره كانی ڕۆژگار بووین مه سیفی!ئێمه ش به شمان زیندان و بێ نانی بوو،نه وه یه ك بووین به دزی باوكمانه وه ده مان خوێنده وه،به زۆر ده یان وویست سه رمان پێداخه ن و ئه تكمان كه ن،
چه ند هه تیوو بوو ته لیسمه قشته كانمان كه نه كرایه وه نه كرایه وه،ئێستاش گریان ووروژمم بۆ دێنێ،ده ڵێم یاران! تۆ بڵێی ئه مشه و بای بێت!تۆ بڵێی هه ناسه یه كی كۆست كه وتوو، كۆستێكی
زه بەلاح،له و دیوو دڵی په نجه ره پیره كه مه وه،به خۆی و ڕیشێكی سپییه وه،وورد وورد بێت و درنگ درنگ بڕژێته ژووره كه م! تا به رزه پێ هه ستم و سه ری هه رگیز نه وی نه كردوم نه وی كه‌م وبڵێم، بڕژێره ده شتای سنگی  هه رگیز خۆر نه دیومه وه،وه‌رەو كه یلم كه له نوری به زه یی خۆت،
وه‌رەو ده ستی له رزیووی بێ ئۆقره یم بگره و بمبه،بمبه و تا هه ولێر دامه نێ،بمبه ره سه رفرمێسكه ماندوه كانی ئه نوەر،بم بەره ناو شه پیووری شینی چوار مه رگ،مه رگی ئه نوه رو هاوسه ری دالده ده رو خه م خۆری ئه نوه رو مه رگی دوو مناڵ له ووشه ی باڵا   به رز.
ئه زانی ماوه یه ك بوو فرمێسكه كانم وون كردبوو؟ئه زانی سێبه ر نه ما به شوێنیا نه گه ڕێم؟ئه زانی تۆ جارێكی   تر هاتیوو ووتت،له لای من بوو لێم ببوره و هێنامه وه! سوپاس،سوپاس بۆ تۆ،ئه ی په له وه ره شاباڵ خوێناویه كه،سوپاس بۆ تۆ ئه ی حه زره تی وو شه،مه‌منونت كردم ئه ی داڵغه ڕه شتاڵه كه، مه منونت كردم ئه ی سكه ی ئۆقیانووسێك له شیعر.
ئه ی ڕه نگی شارا!ئه‌ی ڕنێنه‌رەوەی هه ناسه ی تا گرتووی من!وه ی ڕۆحه سیحراویه كه ی سارای سه راب!،   وه ی هه نگاوه شه رمنه كانی ترێ!وه ی تیشكی زایه ڵه ی قامچیه كانی سه ر پشتم!چ كۆچێ بوو ئه م نوقم بوونی مانگه!چ مه رگێ بووئه م شكانی خۆر ئا وه بوونه!چ داخێ بوو لاسامه ی ده می ئه م برینه!خه جاڵه تم خه جاڵه ت.
سڵاو هه ولێری هه نسك، سڵاو ئه ی خاكی شه رمن، سڵاو وه ی دره ختی پێلۆ كه ڕه گه كانت له ناو ده ریای فرمێسكایه ،سڵاو ئه ی شاری بۆنی مناڵ وفه نا بوون، به م ته ته ری حه سره تا، له م چه ند دێڕه سه ركزه زیاتر هیچم نه بوو ،له و دوو چاوه ته ڕه م زیاتر هیچم نه بوو، ده خیلم ده خیل، ئه م ڕێچكه ی گریانه م به رن ،ئه م    شه وه م كه بۆنی سوتانی لێدێ ،ئه م سێبه ری ڕاڕاییه م به رن ،ئه م خه ڵتانی وه نه وزه م به ده م شه رمی  دووریه وه،به رن و به رن،له سه رگۆڕێك له نووری شیعر،له سه ر گۆڕێك له دڵۆپه بارانه كانی ماڵ ئاوای داینێن، ئاخر چیبكه م هه ر له ئه زه ل شانم نه بوو، له بناغه وه پییه كانی خۆم وون كردبوو، چی بكه م من ڕام كرد ڕا ،فریای ماڵ ئاوای له و هه موو موحیبه تی مه رگه نه كه وتم، پرسیاره كان ئاگر بوون،وه لێ په نجه ره كان كانگای   وه فا، شه ڕ هاته ناو ماڵه كانمان،وه لێ چاوه كان پڕ له ڕازی ژیان، سروده كانی ڕاپه ڕینمان ته واو نه كرد،به ر

سێلاوی ئاگر كه وتین٠
منم و كۆتایی،منم و چاوه ڕوانی توانه وه ی به فرله نا و هیچدا،منم وخوێندنه وه ی باران،ئه و كاته ی به پێوه خۆی ڕاناگرێ و ده ڵێ،ماڵ ئاوا مه رگ،ماڵ ئاوا شكۆی گوڵ و چرا ئه و كاته ی ده شكێن،ئه و كاته ی ده شكێن و سه ری توڕه ی هه ڵده گرن،ماڵ ئاوا مه رگ ماڵ ئاوا٠